

# چیتر فرمێسک و هاوارەکانتان بە (دوعا) مەفرۆشن

# روو لە دادگای کوردستان بکەن

هەندرێن حەمەدەمین

کەستان بۆ دوعا ناگریێ، هەمووتان بۆ خۆتان ئەگرین بۆ بەدبەختی خۆتان هاوار ئەکەن بۆ نەزانی و بێ دەسەلاتی خۆتان ئەپاڕێنەوە بۆ ئاوارەیی و دەربەدەری خۆتان فرمێسک ئەڕێژن بۆ دەم بەستەیی و ژێردەستەیی خۆتان شین و رۆرۆ ئەکەن بۆ چارەنووسی نادیاری خۆتان ئەقیژێنن بۆ مەرگی رۆژانەی خۆتان پرسە ئەگرن.

( کەسەکانی عاشق
هەر یەک بۆ خۆی
بۆ بەختی خۆی لە گریانە
بە دەردی خۆی هەناسە سارد
هەناسە و فرمێسکەکانیش
بەو ئەفرۆشن)

ئەمە بەشێکە لە شعری شتەکانی عاشق، لەم لینکە ئەتوانی تەواوی شعرەکە بخوێنیتەوە.
http://roshenbiry.googlepages.com/shtekany3ashq.pdf

دوعا کوژرا، کوژراو پێویستی بە گریان نیە، شین و رۆرۆکردن دادی کوژراو نادەت، هەمووتان ئەزانن بە سەدان دوعایتر لەبەر دەمی مەرگ دایە، هەر یەک لە ئێمە بە جۆرێک کوژراوین، کە یاسا نەبوو ماف نابێت، کە ماف نەبوو مرۆڤ بێ بەها ئەبێت.
لە هەر وولاتێک لە هەر شوێنێک لە هەر کۆمەڵگایەک کە یاسایەکی شارستانیانە نەبێت بۆ بەڕێوە بردنی کۆمەڵ، کە یاسایەک نەبێت ئەرک و مافی تاکەکانی کۆمەڵ دیاری بکات و بیپارێزێ، کە یاسا لە سەروی هەموو کەسێک و حیزبێک نەبێت، ئەوا ئەم شوێنە ئەبێت بە جەنگەڵ و یاسای دارستان بەڕێوەی ئەبات( بەهێز لاواز ئەخوات ) .
ئەم بار و دۆخەی ئەمرۆی کوردستا لە ئەستۆی کەسانێکی جۆراو جۆر دایە، بەشێکی لە ئەستۆ سیاسەتمەداران بەشێکی لە ئەستۆی رۆشەنبیران بەشێکیشی لە ئەستۆی یاساداران.
ئەبێ بپرسین رۆڵ و کاریگەری دادگا لە کوردستان چیە؟؟ بۆ دادوەران و پارێزەران و یاسازانان لە کوردستان بێ دەنگن؟؟؟ دیارە وەڵامی زور کەس ئەوەیە کە هەموو ئەوانە بیر لە بەرژەوەندی خۆیان

ئەکەنەوە و بۆ پاراستنی پلەوپایەی خۆیان و داهات و دەسکەوتەکانی خۆیان بێ دەنگن. ئەی کە وابێت ئێمە بۆ لێیان بێ دەنگ بین، ئێمە بۆ رسوایان نەکەین، ئێمە بۆ روەشاروەکانیان دەر نەخەین، ئێمە بۆ نەڵێین دادوەر و پارێزەر و یاسازانانی کوردستان بەرپرسی سەرەکی ئەم بێ یاسایە و ئەم بێ دادیەی کوردستانن، بۆ ئەمانە نەخرێنە بەر نووسین و رەخنەی توند.

من نامەوێت پاساو بۆ حیزبەکان و دەسەڵاتداران بێنمەوە، من بە ئاشکرا ئەڵێم ئەوان بەرپرسی یەکەمی هەموو بار و دۆخەکانی کوردستانن، بەڵام هەر ئەوان بە تەنیا نا، بەلکو بەشێکی هەرە زۆری بەناو رۆشەنبیرانی کوردستان بەرپرسی ئەم بار و دۆخەن وەک ئەوەی لە نووسینێکی پێشتریشم باسم لێیکردوە، ئەمڕۆ من لەلای خۆم و بە تێگەیشتنی خۆم دادوەر و پارێزەرانی کوردستان ئەخەمە ژێر بەرپرسیاریەتی نەبوونی یاسا لە کوردستان، چونکە پێداگرتن و کارکردن بۆ سەروەری یاسا و چەسپاندنی یاسا لە هەر وڵاتێک بە پلەی یەک ئەرکی سەرشانی دادوەر و پارێزەر و یاسازانانە.

بەرپرسیاریەتی مێژوویی بۆ ئەم بێ یاسایەی ئەمڕۆی کوردستان لە ئەستۆی هەموو یاسازانانی کوردە، کاتێکیش کە ئەوان بێدەنگ ئەبن لە پێناو بەرژەوەندیەکانیان پێویستە بکەونە بەر قەڵەمی رەخنەی رۆشەنبیران و خەلک بە ئاگا بکرێتەوە کە ئەمانەی بە ناوی جێبەجێکەرانی یاسا لە دادگاکانی کوردستان کاردەکەن ئەمانە دادوەر و پارێزەر و یاسازان نین ئەمانە کۆمەڵێک کەسی مشەخۆر و چەواشەکەر و بەکرێ گیراوی دەسەڵاتن، ئەگەر نا لە هەموو وڵاتێک دادوەران یاسازانان کار بۆ سەربەخۆیی دادگا ئەکەن و لە پێناویدا دەیان رێگا و شێوازی جیاجیا بەکار دێنن تا ئەگاتە ئاستی ململانەکردن لەگەڵ دەسەڵاتداران.

ئەگەر یاسا نەبوو دادگا و دادوەر و پارێزەر و یاسازان چگە لە داردەستی دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی خواست و داخوازیەکانی ئەوان هیچیتر نین، گەلێک جار باس لەوە کراوە کە ئەندام پەرلەمانانی کوردستان کارتۆنین، من پێم وایە ئەگەر ئەندام پەرلەمان کارتۆن بێت لە ئاست دەسەڵات ئەوا من دادوەران بە هاوبەشی تاوانباران ئەزانم، من بە راشکاوانە ئەڵێم هەر تاوانێک لە کوردستان روئەدات و تاوانبار لە ژێریەوە دەرئەچێت ئەوا یەکەم هاریکار و شەریکی ئەم تاوانبارانە دادوەرانن دوای ئەوەش پارێزەران و یاسازانانن.



کەواتە با بەدەنگ بێین لە بێدنگی دادگا تا ئەو کاتەی کە دادگای کوردستان بە هەموو کارمەندانیان و بە پێشەوایەتی دادوەران مانئەگرن و خەلک هانئەدەن بۆ خۆپیشاندان و کار بۆ سەروەری یاسا و سەربەخۆیی یاسا ئەکەن.

یان ئەوەتە ئەبێت بەردەوام بە نووسین و سیمینار و قسە و باسەکانمان دادوەران و پارێزەران رسوا بکرێن و رووی شاردراوەیان بۆ خەلک دەربخرێت و بەها و نرخیان لەلای هیچ کەسێک نەمێنێت، ئەوا ئەگەر ئەوان نەتوانن بەرگری لە یاسا بکەن و مافی زوڵملێکراوانیان بۆ وەرنەگیرێت و تاوانبارانیان بۆ سزا نەدرێت، با دەست هەڵگرن و خەلک بە ناوی بوونی دادگا و داد چەواشە نەکەن.

٢ی ٥ی ٢٠٠٧